# کەرکوک

بەدەر لەوەی کام پارت و لایەنی کوردستانیی لەکەرکوک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، بەدەر لەوەی کام لایەن چەند کورسی شاری کەرکوکی بەردەکەوێت، بەدەر لەوەی خەڵکی کەرکوک متمانە و دەنگی خۆیان داوەتە کام پارت و لایەنی سیاسی، بەدەر لەهەر رەخنە و گلەیی و نارەزاییەکی لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بەخاوێنیی پرۆسەی دەنگدان لەکەرکوک و بەدەر لەئەنجامە کۆتاییەکانیش، زۆرینەی خەڵکی کەرکوک دەنگی خۆیان بەکوردستانیی بوونی کەرکوک بەخشیوە.

ئەم بابەتە لەچەندین لاوە شایانی هەڵوێستەی هۆشیارانەیە، دوور لەعەقڵی حیزبی و بەرژەوەندیی تاك لایەنیی هەر پارت و لایەنێکی کوردستانیی بەبراوە و دۆڕاوی ناوکەرکوکەوە.

لەلایەکەوە گەرموگوڕی و دەنگدانی بەژمارە زۆر و بەخرۆشی کوردستانیانی کەرکوکیی، سەرەڕای بارودۆخی مەترسیداری ئەو شارە و هەڕەشەی تیرۆریستان، شایانی سوپاسێکی گەرمە، بەڵام سوپاس نەك بەقسەو دەستگوشین و بەڵێنی ئایندەیی کەخوائەزانێت چەندی راست دەرئەچێت!

سوپاسکردنی راستەقینەی خەڵکی کەرکوك بەکورد(چ ئەوانەی دەنگیان داوە و چ ئەوانەی دەنگیشیان نەداوە) و بەنەتەوەو کەمینەکانی تریشەوە چ ئەوانەی دۆستی کوردن و چ ئەوانەی نەیارن و تەنانەت چ ئەوانەی دوژمنی کوردیشن، بەخزمەتکردنی بەپەلەی شاری کەرکوك ئەبێت. بەهاوکاریی کردنی دارایی کەرکوك ئەبێت، بەجوانکردنی کەکوك ئەبێت.

بێگومان ئەو کارەش هەم ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەم پارتە سیاسییەکان، بەتایبەت ئەوانەیان کەدەوڵەمەندن.

لەوانەیە بڵێن پێشتریش کردوومانە. راستە بەڵام ئەمجارە بۆ بانگەشەی حیزبیی نا، بەڵکو راستەخۆ لەڕێی پارێزگار و ئیدارەی کەرکوك خۆیەوە، نەك هەر لایەنەو بۆخۆی و بۆ دۆست و لایەنگرانی خۆی.

ئەوەی کەرکوکی بینیبێت، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکەی زەق و ئاشکرا دیارە کەپێداویستیی زۆری هەیە و کەمتر سیمای شاری پێوە دیارە.

هەقیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبەکان، هەر زوو لەمبارەیەوە بکەونە خۆ و پێش ساردبوونەوەی کەفوکوڵی هەڵبژاردنەکان مژدەی ئەوە بدەن بەگوێی کەرکوکییەکاندا(بەکار نەك بەقسە) کە ماندووبوونیان پێزانراوە.

لایەنێکی زۆر گرنگیی و ئایندەیی دەنگدانی کوردانی کەرکوك بەپارت و لایەنە کوردستانییەکان، هەر بۆخۆی شێوەیەکە لەوریفراندۆمەی کەئەبێت بەپێی مادەی ١٤٠ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوك بکرێت. چونکە بێگومان زۆرینەی ئەوانەی(گەرنەڵێم هەمووشیان)لە حەوتی سێدا دەنگیانداوە بە لیستە کوردستانییەکان لەڕیفراندۆمیشدا دەنگ ئەدەن بەکوردستانیی بوونی کەرکوك. بۆیە ئەبێت هەم لەبەغدا و هەم لەناوەندە جیهانییەکاندا کورد هۆشیارانە ئەم کارتە بەهێزە بەکاربێنێت بۆتەواو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، بەبێ وروژاندنی نەیارانی ئەو مادەیە و کوردستانیی بوونی کەرکوك، بەڵکو بەقایلکردنیان یا هیچ نەبێت بەبێلایەن کردنیان.

کارێکی گرنگی تر بۆ وەڵامدانەوەی خرۆشی کوردانی کەرکوك وەلانانی ململانێی نائاسایی حیزبیانەی نهێنی و ئاشکرای نێوان پارت و لایەنە کوردستانییەکانە (لانی کەم لەناو کەرکوکدا) و رێکخستن و یەکخستنی خێرای بەرنامە و کار و هەموو شتە دووبەش و چەند بەشەکانی کەرکوکە، هەر ئەوەش ئەتوانێت ئارامیی و دڵنیایی ببەخشێتە کەرکوك و کەرکوکییەکان، بەوەی کە حیزب و لایەنەکانی کوردستان بۆ خزمەت کردنی کەرکوك لەوێن، نەك بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی حیزبی و تایبەتیی.

خاڵی هەرە گرنگ بۆ کەرکوك بەتایبەتیی و بۆ کوردستانیش بەگشتیی، خاوکردنەوەی ئەو بارگرژیی و هەوڵدانانەیە بۆ دروستکردنی ئاڵۆزیی کەلەلایەن حیزب و لایەن و راگەیاندنەکانیانەوە خراوەتە گەڕ و خەڵکی کوردستانیان ترساندووە.

خەڵکی کوردستان لەهەموو کەس زیاتر و لەهەموو میلەتێك زیاتر پێویستیی بەئاشتیی و ئارامیی هەیە و زۆر چاك و بەخوێنی خۆی لەنەهامەتییەکانی کێشەی ناوخۆیی تێگەیشتووە.

لەم هەڵبژاردنەشدا بەدەر لە هەموو ئەنجامەکانی، براوەی یەکەم خەڵکی کوردستان بوون و هەر لایەنێکیش وا ئەزانێت ئەو زۆر بەهێزە و خەڵکێکی زۆری لەگەڵە و دەمی گەرمە و بەبێ باج قسە ئەکات، ئەوە زۆر هەڵەیە و ئەبێت بزانێت جەماوەری کوردستان لەگەڵ ئاشتیی ئارامیی و سەلامەتیی رۆڵەکانیاندان، نەك لەگەڵ هەر هێز و حیزب و لایەنێك کەبیەوێت کوردستان بەئاقارێکی تردا ببات، جا هەر لایەنێك بێت!